کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 1:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مژدە قەومی کورد هەرگیز سایتەکەی ئاردۆگان و عەبدڵا گویل نابن بە مانگ ... ئیسماعیل کاکە ڕەش

ئەوەی نووسینەکەی بەندەی خوێندبێتەوە " ئاگاتان لێیەتی قەومی کورد یەکگرتووی ئیسلامی بووەتە زمان حاڵی کەناڵی سەباحی تورکی " بە ڕونی بۆی دەردەکەوێت من مەبەستم تەنها یەک نووسین نی یە، بەڵکو ئەو نووسینە تەنها مشتێکە لە خەرمانی ئەو سیاسەتە ئیعلامی یە ی یەکگرتووی ئیسلامی بەردەوام پەیڕەوی کردووەو دەیکات لە ستایش کردنی دوژمنانی کورد کە ئەمڕۆ ئاردۆگان و عەبدڵا گویل لە پێشی پێشەوەن. نەک هەر ئەوە بەڵک و ئەوەی بە ووردی بڕوانێتە سایتی یەکگرتوو بۆی ڕوندەبێتەوە تا سەر ئێسقان لایەنگیری لە ئاردۆگان و پارتەکە ی دەکەن لایان مەبەست نی یە ئەگەر لە سەر حیسابی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و ڕموزە سیاسی یەکانی یەوە بێت.

جا بۆ راستی و نا ڕاستی باسەکەم بە پێویستم زانی تەنها چەند بابەتێکی سایتی یەکگرتوو ی ئیسلامی وەک نموونە بێنمەوە بۆ ئەوە ی خۆینەری کورد سەپشک بیت و بڕیاردەر بێت:

1. لە رۆژی یەک شەممە 2. 9. 2007 " لە یەکەم سەردانیدا بۆ ئیستەمبۆڵ گول بە گوڵ پێشوازی لێکرا " "سایتی یەکگرتوو لە زاری ئا| مەروان عەلی.

2. لە ڕۆژی 12. 9. 2007 بابەتێکی تر بە ناونیشانی " لە شاری وان گویل بە گوڵ پێشوازی لێکرا" وەرگێڕانی ڕێزان نوری سایتی یەکگرتوو.

بۆ ئەم دوو ناونیشانە من وەکو کوردێک دەڵیم چیمان داوە لە پێشوازی سەرکەردەی تورکان بە من چی بەلاملێ ی دا خۆ ئەو بە گولەو تانک وەڵامی گەلی کورد دەداتەوە. یا سایتی یەکگرتوو لە پێناو سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان کوردی لا مەبەست نی یە؟!!!!!!

3. یەک شەممە 22. 7 2007 سایتی یەکگرتوو بەم شێوەیە بەشێک لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیای بڵاو کردەوە. بنواڕن تکایە...

" 35% دەنگەکان فەرزکراوەو لە ئەنجامدا پارتی دادو گەشەپێدان 50% دەنگەکانی بە دەستهێناوە و پارتی گەلی کۆماری 16% و پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی 14% دەنگەکانی هێناوە"

تا ئێرە خوێنەری بەڕێز زۆر سروشتی یە، بەڵام لێرەوە بنواڕن چی دەنووسێت:

لە ناوچەی ئۆرفەی کورد نشین لە 11 پاڵێوراو 10 پاڵێوراوی دادو گەشەپێدان دەرچوونە و لە قەیسەری لە 8 پاڵێوراو 7 پاڵێوراوی دادو گەشەپێدان دەرچوونەو لە شاری ئەزمیر کە بە قەڵای پارتی کۆماری دادەنرێت لە 8 پاڵیوراو 4 پاڵێوراوی دادو گەشەپێدان سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە " تەواو

کوردینە، میقداد مورادی ڕەحمەتیش هەروا کردی بە هەڵا کاتێک سەدام فاوی لە چنگ ئێران دەرکرد.

کوردینە، باسی کورد و دەنگوو باسی سەرکەوتی پەڕلەمانتارە کوردەکان لە کوێ یە؟؟ بە پێچەوانە وە، سەرنەکەوتی کورد لە ئۆرفە بە سەرکەوتنی خۆیانی دەزانن بڕوانە " لە ناوچەی ئۆرفەی کورد نشین حیزبەکەیان سەرکەوتنی بە دەس هێناوە...

ئای چەند ئەفسوسە کورد ئاوەها کورد لە بیرکات و سەرکەوتنی گویل و ئاردۆگان بە سەرکەوتی خۆی بزانێت، کاتێکیش پێیان بلێ ی بۆچی پەیامی ئاشتیتان بۆ هەم و گەلێک هەیە تەنها کورد نەبێت ئەوەندە زمانتان درێژە و دەڵێن سایتی یەکگرتوو مانگەو بە ئاسمانەوە *. کام مانگ؟؟؟؟؟

من وا دەزانم تەنها خوێنی شەهیدەکانمان تاجی سەرو ئەستێرەو مانگمانن. سایتێک ئەوە ڕەفتار و گوتاری بێت چۆن دەبێت بە مانگ، ئەگەر مانگیش بێت بە ئاسمانەوە ئەوا مانگی تورکانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و هەرگیز نابێت بە مانگی ئێمەی كورد. مانگی كوردو گوتاری كورد هاوار دەكات و دەلێت "سەد هەزار نەعلەت لەو كەسەی وا نۆكەری بێگانەیە".

*وەلامێكی ناڕاستەوخۆیە بۆ بابەتی " سایتی یەككگرتوو مانگێكە لە ئاسمان ئیسماعیل كاكە ڕەش لە خوارەوە چی دەكا". نووسینی مەروان عەلی. لە سایتی كوردستان نێتی بەرێز.

منیش دەلێم ئێمەی كورد فڕۆكەو موشەكمان نی یە، لە خوارەوە دامەزراوین و چاوەڕوانی هێزی داگیركەر دەكەین. لە خوارەوەین دوعاو هاوارمانە هێزی داگێركەر بە دەردی لەشكرە بە هێزەكەی ئەبرەهە بەرێت.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.